تەندرووستی مامۆستایەکی مانگگرتوو لە سلێمانی تێکچوو و لە هەولێر نوێنەری مامۆستایان دەستگیرکرا

بۆ
بەرژەوەندی گشتی
لابەن

ئەمڕۆ یەکشەممە، مامۆستا زانا محەممەد یەکێک لە مامۆستایانی مانگرتووەکانی سلێمانی بەهۆی تێکچونی دۆخی تەندروستییەوە ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا.

ماوەی شەش ڕۆژە چەندین مامۆستای ناڕازی لە پێنەدانی مووچەو شایستە داراییەکانیان لە سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامۆستایانی ناڕازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕەئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خۆپشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرێم بەڕێوەبچێت